# با یەکێتی و پارتی بە کلتوری خۆیاندا بچنەوە

نەجات ئەسپیندارەیی

پەیوەندیی نێوان حکومەت و خەڵك لەسەر ئەو بنەمایە بەهێز دەبێت کە دادگەریی کۆمەڵایەتی و ئازادی و یەکسانی لە سیستەمی سیاسیی ئەو حکومەتەدا رەنگ بداتەوە، حکومەت ئەگەر بە یەك چاو سەیری خەڵك بکات و هاوسەنگی لە نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵدا بپارێزێت و جیاوازیی بیروڕا و جیاوازیی چینایەتی و هەروەها تایفەگەری و حیزبایەتی نەبنە بنچینەی ناکۆکییەکان، ئەو کاتە حکومەت حکومەتێکی پێگە قایم و بنکەفراوان دەبێت و دەتوانێ گۆڕانێکی رادیکاڵی لە ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی خەڵکدا بکات و خەڵك بەو ئاراستەیەدا ببات کە داکۆکی لە دەسکەوتەکان بکەن و بە تەنگ مەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانەوە بێن، ئەندامانی ئەو حکومەتە ئەگەر لە ئەنجامی پێگەیشتنێکی هۆشیارییەوە ئەو بەرپرسیارێتییە وەربگرن و خەڵکی پسپۆڕ و شارەزا لە شوێنی شیاو دابنرێ، ئەوا بێگومان دەتوانن خزمەتی ئەو خەڵکە بکەن کە خۆیان بە خاوەنی دەزانن، دەتوانن ئەرکی سەرشانی خۆیان بە ئاکام بگەیەنن و ئەو بەڵێنانەی کە بە خەڵکیان داوە جێبەجێی بکەن کە بریتییە لە رێکخستنی ژیانی خەڵك و دابینکردنی خزمەتگوزاری، لە قۆناغی ئێستاماندا حکومەت دەبێ پارێزەری بەرژەوەندییەکانی گەل بێت و لە چارەسەرکردنی گەندەڵی و سڕینەوەی ئاسەواری ململانێی حیزبایەتی بەولاوە نابێ بیر لە هیچ شتێکی تر بکاتەوە، لەم قۆناغە هەستیار و ناسکەدا حکومەت دەبێ لە ناخی خۆیدا پەیامی ئاشتی و برایەتی بۆ ئەم خەڵکە هەڵگرتبێ و خەڵك بەرەو داهێنان و رێکخستنی ژیانێکی پڕ لە کامەرانی و سەرفرازی ئاراستە بکات، ئەم خەڵکە رەش و رووتە لە مافی خۆی زیاتر شتێکی تری لە حکومەت ناوێ، نایەوێ حکومەت پارووی نانیان بۆ بکات و بخاتە دەمیانەوە، بەڵکو دەیەوێ حکومەت دەرفەتی کاری بۆ بڕەخسێنێ ئەمن و ئاسایشی بۆ بەرقەرار بکات، دادگەریی کۆمەڵایەتی بۆ بچەسپێنێ، ئەو خەڵکە دەیەوێ بە ئازادی بژی و بە ئازادی کار و فەرمانەکانی خۆی ڕاپەڕێنێ و کەس تەنگی پێ هەڵنەچنێ.

لێرەدا دەمەوێ بێمە سەر کرۆکی باسەکەم کە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە و هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارە. پێویستە لەسەر ئەم دوو حیزبە دەسەڵاتدارە پێش هەموو شتێك کلتوری خۆیان پاك بکەنەوە لە رق و کینە بەرامبەر بە یەکتری، کلتوری خۆیان پاك بکەنەوە لە زمانی شەڕ و عەقڵی دیسپلین و خۆ بەزل زانین، با تراژیدیای وێرانکردن و دەست بەسەرداگرتن و یەکتر نەخوێندنەوە لە فەرهەنگی خۆیاندا بسڕنەوە، چونکە ئەگەر هەر بە عەقڵی جاران بیر بکەنەوە، ئەوا ئەم جارەش بۆشاییەکی گەورە لە بونیادی ئەم حکومەتەدا دروست دەبێ. پێویستە پارتی و یەکێتی روئیای خۆیان بگۆڕن، چونکە ئەو تێڕوانینەی ئەوان هەیانە بۆ یەکتری و بۆ دەرەوەی خۆیان و هەروەها بۆ حیزبەکانی تریش، ئیشکالیەتێکی گەورە دروست دەکات هەم بۆ خۆیان و هەم بۆ حیزبەکانی تریش، چونکە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار تەنها خۆیان بە خاوەنی مێژووی ئەم گەلە و خەبات و قوربانیی ئەم گەلە دەزانن و حیزبەکانی تر و خەڵکی تر فڕێ دەدەنە دەرەوەی پرۆسەکە، بەڵام ئەم جۆرە لێکدانەوە و بیرکردنەوەیە زۆر هەڵەیە کە تەنها خۆیان بە سەروەر بزانن و خەڵکی تر بدەنە ئەولاوە، چونکە ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینانەی کە کورد کردوویەتی لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ هەموو ئەو خەڵکانە تێیدا بەشدار بوونە و قوربانییان داوە کە ئێستا لە ژێر چەتری ئەواندا نەماون و بە ئازادی خۆیان بیروباوڕی حیزبەکانی تریان پەسند کردووە و بەسەر حیزبەکانی تردا دابەش بوون و لە نێو حیزبەکانی تردا درێژە بە خەباتی خۆیان دەدەن. جا پێویستە لەسەر هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار ئەو جیاوازییە قووڵە نەهێڵن کە ئێستا لە نێوان ئەندامانی حیزبەکەی ئەوان و تاکەکانی کۆمەڵگادا هەستی پێ دەکرێ، پێویستە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە فەرهەنگی خۆیاندا بسڕنەوە و کلتوری خۆیان لەم جۆرە بۆچوونانە پاك بکەنەوە، هەروەها پێویستە لەسەر هەردوو حیزب رابردووی تاڵ و تفت لە بیری خۆیان بەرنەوە و ئەو فاکتەر و خاڵە لاوازانەش بە جوانی شی بکەنەوە کە بوونە هۆی لێکترازان و ئاشوب خستنە نێو ماڵی کورد. خێزانێك و دوو ئاگردان یاخود دوولەتبوونی خانەوادەی کورد مێژوویەکی رەشە و پێویستە لەبیری خۆمانی بەرینەوە، تەنها ئەوەمان لە زەینداا بمێنێ کە ئەو ئەزموونە تاڵە چ زامێکی گەورەی خستە ناخمانەوە و چ گورزێکی گەورەی لێداین، بۆ ئەوەی ببێتە پەند و عیبرەت بۆ داهاتوومان.

قۆناغی ئێستامان ئەوە دەخوازێ کە پارتی و یەکێتی بە زمانی دیالۆگ ئەو خەڵکە بدوێنن و بە فیکرێکی قووڵ و هەستێکی بەرپرسیاریی گەورەوە بێنە نێو خەڵك و دڵی ئەو خەڵکە رابگرن، بۆ ئەوەی تاکی کوردیش وەکو هەموو خەڵکی سەر ئەم زەمینە بە ئازادی نەفەس بدات و لەنێو دنیای ئازاددا سەرفراز و بەختەوەر بێت، تاکی کوردی هێشتا هەر بە خەیاڵ گەشتێکی رۆحی بە نێو دنیای ئازاددا دەکات، بەڵام کە دێتە سەر ئەرزی واقیع هێشتا هەر قسەیە و بە کردەوە هیچی نەدیوە.

لەم سەردەمە ئاڵۆز و پڕ لە قەیرانەدا کە ناوچەکەی پێدا تێدەپەڕێ، پێویستە چەمکی حیزبایەتی و بەحیزببوون بخرێتە پەراوێزەوە و بەرژەوەندییە گشتییەکان ببنە بنچینە و ئەولەوییاتی کاری حکومەت، بێگومان لە هەموو وڵاتێکدا فرەحیزبی هەیە، بەڵام فرەحیزبی بەو مانایە نییە کە لەبەر ململانێ و بەرژەوەندیی حیزبایەتی ئاگایان لە کۆمەڵگا نەبێت و هەر سەرقاڵی خۆقایمکردن و پێگە دارِشتنی خۆیان بن، بەڵکو حیزبایەتی بەر لەوەی بەرژەوەندیخوازی بێت، سۆزی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری و مرۆڤدۆستییە.

فرەحیزبی ئەگەر کێبڕکێ نەبێ لەسەر ئەوەی کە کامەیان باشتر خزمەتی گەل و وڵات دەکات، ئەوا ئەو فرەحیزبییە ئەزموونێکی هەرەسهێنراو دەبێت و خەڵکیش لە جەوهەریان دەکەوێتە گومانەوە.

................

www.kurdiu.org